(کردەوەکان شەش (جۆرن) وخەڵکی چوار (جۆرن

لە خوڕەیم کوڕی فاتیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا-صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کردەوەکان شەش (جۆرن) وخەڵکی چوار (جۆرن)، (کردەوەکان): دوو شتی هەرەگرنگ کە دوو سەرەنجامیان هەیە (موجبتان)، یەک (شت) وپاداشتە هاوشێوەکەی، وچاکەیەک ودە هێندەی پاداشتی، وچاکەیەک وحەوت سەد هێندەی پاداشتی، (موجبتان): هەر یەکێک بمرێت وهاوبەشی بۆ الله دانەنابێت دەچێتە بەهەشتەوە، و هەرکەسێک بمرێت بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار دابێت ؛ دەچێتە دۆزەخەوە، یەک (شت) وپاداشتە هاوشێوەکەی: هەرکەسێک مەبەست ونیەتی کردنی چاکەیەکی هەبێت هەتا لەدڵیدا هەستی پێبکات، وخوای گەورە پێی دەزانێت ؛ ئەوا چاکەیەکی بۆ دەنووسرێت، وهەرکەسێک خراپەیەک بکات، ئەوا خراپەیەکی لەسەر دەنووسرێت، وهەرکەسێک چاکەیەک بکات بە دە هێندە بۆی دەنووسرێت، وهەرکەسێک ببەخشێت لەپێناو خوای گەورە ئەوا چاکەیەک بە حەوت سەد هێندە (پاداشتە)، سەبارەت بە خەڵکی؛ هەندێک: زۆری پێبەخشراوە لە دونیادا وبێ بەشکراوە لە قیامەتدا، وهەندێک: کەمی پێبەخشراوە لە دونیادا وزۆری پێبەخشراوە لە قیامەتدا، وهەندێک: بێ بەشکراوە لە دونیا وقیامەتدا، وهەندێک: زۆری پێبەخشراوە لە دونیا وقیامەتدا».

[حەسەن - باش)] [(أحمد) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەی کردووە کە کردەوەکان شەش جۆرن وخەڵک چوار جۆرن، شەش جۆری کردەوەکان: یەکەم: هەرکەسێک بمرێت وهاوبەشی بۆ خوا بڕیار نەدابێت ؛ چوونە بەهەشت بۆ ئەو واجب دەبێت. دووەم: هەرکەسێک بمرێت وهاوبەشی بۆ خوا بڕیار دابێت ؛ چوونە دۆزەخ بۆی واجب دەبێت و بەهەتاهەتایی تێیدا دەمێنێتەوە. وئەمانە ئەو دوو شتەن کە دوو سەرەنجام بۆیان مسۆگەرە سێیەم: نیەتی چاکەکاری، هەرکەسێک نیەتی کردنی چاکەیەکی هەبێت لەدڵەوە ڕاستگۆ بێت وهەستی پێبکات، خوا بەم نیەتەی دەزانێت، پاشان ناتوانێت ئەو کردەوەیەک بکات چونکە لەژێر توانای ئەودا نیە سەرئەنجام چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسرێت بەهۆی نیەتەکەیەوە. چوارەم: کردنی خراپە، هەرکەسێک خراپەیەک بکات ئەوا تەنها یەک خراپەی لەسەر دەنووسرێت. وەکو خۆی دەنووسرێت بەبێ زیادکردن پێنجەم: چاکە بە دە هێندە دەنووسرێت، وهەروەها هەرکەسێک نیەتی کردنی چاکەیەکی هەبێت وبیکات؛ ئەوا دە چاکەی بۆ دەنووسرێت. شەشەم: چاکە بە حەوت سەد هێندە یان زیاتر دەنووسرێت، ئەمیش ئەوەیە کەسێک یەک جار ببەخشێت لەپێناو خوای گەورە ئەوا پەروەردگار بە حەوت سەد هێندە یان زیاتر چاکەی بۆ دەنووسێ، وئەمیش بەخشندەیی وفەزڵی خوای گەورەیە -تبارک وتعالی- لەسەر بەندەکانی. سەبارەت بە جۆرەکانی خەڵکی کە چوارن: یەکەم: کەسێک ڕزقی فراوانی پێبەخشراوە لە دونیادا، هەرچی بوێت دەستی دەکەوێت، بەڵام لە کردەوەی چاک بۆ قیامەت بێبەشکراوە بۆیە چارەنووسی بەرەو دۆزەخە، ئەمیش کافری دەوڵەمەندە. دووەم: کەسێک کەمی پێبەخشراوە لە ڕزقی دونیا، زۆری پێبەخشراوە لە کردەوەی چاک بۆ قیامەت، وچارەنووسی بەرەو بەهەشتە، وئەمیش ئیمانداری هەژارە. سێیەم: کەسێک کەمی پێبەخشراوە لە دونیا ولە کردەوەی چاک بۆ قیامەت بێبەشکراوە، ئەمیش کافری هەژارە. چوارەم: کەسێک ڕزقی فراوانی پێبەخشراوە لە دونیادا، وزۆری پێبەخشراوە لە کردەوەی چاک بۆ قیامەت، ئەمیش ئیمانداری دەوڵەمەندە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65014

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee